کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 30-9-2007 2:38

**ئەی کوردینە تا کەی ئێراقچێتی؟!.... پارێزەر: بێستون محەمەدساڵح مستەفا**

فیدرالیەت ئەو خەونە ی کە کورد چەندساڵێکە هەوڵی بۆداوە، بە پی ی بارو دۆخەکە ئەم جۆرەی دەسەڵاتی هەڵبژاردووە پەرلەمان بەکۆی دەنگ ئەم بریارەی پەسەندکردووە ودەستووری هەمیشەیی ئێراقیش بە هەمان شێوە...

لەم رۆژانەدا ئەنجومەنی پیران (مجلس الشیوخ) ئەمەریکی بە زۆرینەی دەنگ بریارێکی غەیر مولزەم بۆ ئێراق دەرچووکە بکرێتە سی بەش (هەرێمی فیدراڵی کوردستان، هەرێمی ناوەراست، هەرێمی خواروو) .. سەرەڕای چەق بەستنی مادەی سەدو چل و دەیان کێشەی دی کە بەهەڵپەسێراوی ماوەتەوەو چاوەڕی و موژدەی تیا بەدی ناکری... رەنگدانەوەو ووتووێژ لەسەرئەم باسە گەلی حوکمەتی دنیاو ناوچەکەو دەرو دراوسی ڕای تایبەتی خۆیان هەبوو، دیارە تائێرە ئاساییە و ئەوانەناتوانن راستەوخۆدەست لەکاروباریئێراق وەردەن، بەڵام ئەوەی ئاسایی نیە پارت و رێکخراو کەسایەتیە سیاسیە ئیراقیەکانن بۆچون و دیدگەیان زۆر گرژو دەمارگیربە دەرکەوت.. ئاخر دەستیان خۆش بی گەر کورد بە تەلەفونێکی بۆش و فلان و فیسار نەیەنە سەربارو نەکەونەنێوان ئەم لایەنانەوەئەوانیش ئەوەهەڵوێستیان نابی.. گەر بۆش لەرومادی قاعیدە دانەبەزی لەکاتیکا لەکوردستانا دوو مەتاری ئامادەباشی تیایە... سەیرکەن ووتەبێژی سیستانی چی دەڵی؟!ئەمەریکا بۆی نیە دەست لە کارو باری ئێراق وەرداو هەرگیز مەرجەع قبوڵی نیە دابەشکردنی ئێراق کارەساتەداواکارم لە ئەنجومەنی نیشتمانی هە لۆێست وەرگرن!!... موتلەگی شوفێنی یەکسەر تەسریحی گراوی خۆی بانگهێشت کردو داوای جیهادی دەکرد مالیکی (کە عەلاوی بە سەدامی دووەم ناوی دەبات) دەڵی ئەمە کارەساتە بۆ ئێراق و بە توندی لە دژی دەوەستینەوە (ئەو مالیکیەی کە کورد حوکمەتەکەی لە هەرەس رزگار کرد!!) ... موقتەدا سەدریش دەڵی ئەمە کارێکە کارەساتی لەدوایە و ئێمە رازی نین پی ی و داواکارین ئەنجومەنی نیشتمانی هەڵوێستی توندی هەبی.. بەرەی تورکمانی ئازیزیش ئەڵێن شوێنی تورکمان دیار نیە!!..

ئەمە زۆرو کەم ئەو بەرەی تەوافقە بوون کەرێکەوتنی چوارقوڵیان لەتەك کوردا مۆرکردو بە رێکەوتن و دەسکەوتێکی گەورە لەقەڵەم ئەدراو هەرای دونیای بۆکرا!!...

بۆیە گرنگەو پێویستە کە سەرکردایەتی کورستان زۆر بە ئەمانەتەوە چ لە بەغداو چ لە کوردستان هەڵوێستیان هەبی چونکە ئەوە ئەو بەرەیەن کە هێشتا رێکەوتنی نێوانیان لە تەك کوردا مەرەکەبەکەی ووشك نە بۆتەوە ئا بەو جۆرە هەڵوێستی خۆیان بەدەر ئەخەن و وەك ئاخر زەمان روویدا بی و کفری ئیلاهی کراوە بۆیە هەموویان بەیەك دەنگ دەڵێن کارەساتە دابەشکردنی ئێرا ق و بە توندی داوای ئیدانەکردن لە ئەنجومەنی نیشتمانی ئێراق دەکەن بۆ ئەو بریارەی ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکی وەك ووتمان هەرچەندە ئە وبریارە مولزەم نیە لە کاتێکا بۆ هەڵوێستێك کە هێشتا بە شێوازێکی نەزەری قسەی لەسەر دەکری مەرجەع و قوم و دیمەشق و جامیعەی عەرەبی و ووڵاتانی ئیسلام و مالیکی و موقتەداو بەیاتی و موتڵەگ ئەوها دێنە گۆ... جا تو ویژدان کوردینە تاکەی براگەورەی کێشەکانی نێوانی ئەوانەی سەرەوە ئەبن و بۆ تەنها بریارو بۆ چونێك ئەو برا عەرەبە بە ویژدان موعاریزی دوێنی و بەدەسەڵاتی ئەمرۆ لە سایەی دەبابەی ئەمەریکی هاتن و تەنانەت پەتی سێدارەی سە دامیش لە خۆیانەوە بوو چاوەڕی ی چی لەم مەزهەبی و ئیسنی و قەومی شۆفینی و دینیانە ئەکەن؟؟؟!!!

ئەی توخوا کوردینە تاکەی ئێراقچێتی ئەکەن و بەردەوام ئەبن؟؟!!!....

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.